pwc



# پڕۆژەی غازی کوردستان

## ڕوانگەیەك لە ڕابردوو و ڕوانگەیەك بۆ داهاتوو

## ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی

DANAGAS | Crescent Petroleum | PEARL PETROLEUM

# پێشـــــــەكـــــــی

لەساڵی ٢٠٠٧، کۆمپانیای دانەگاز و کۆمپانیای نەوتی هیلال گرێبەستێکیان مۆرکرد لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان (KRG)، کە أمتیاز و ماف تەواوی پێبەخشین بۆ هەڵسەنگاندن و دەرهێنان و پەرەپێدان و بەرهەمهێنان و بەبازاڕکردن و هەروەها فرۆشتنی نەوت، بە گازی سروشتیشەوە بۆ بازاڕەکانی ناوخۆ و هەناردەکردنی بۆ دەرەوە، لە کێلگەکانی خۆرمۆر و چەمچەماڵ لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI). لەساڵی ٢٠٠٩، کۆمپانیای نەوتی پێرڵ دامەزرا، بووە بەشێك لە کۆمەڵێك کۆمپانیا لەگەڵ کۆمپانیای دانەگاز و کۆمپانیای نەوتی هیلال کە خاوەنپشك بوون، دواتر کۆمپانیاکانی وەکو (OMV و MOL و RWE) هاتنە ناو کۆمەڵە کۆمپانیاکە بە ڕێژەی لەسەدا ١٠٪ ی پشکەکان بۆ هەر یەکێکیان.

گرێبەستەکە بووە سەرەتایەك بۆ هاوبەشیکردن لە پرۆژەی غازی کوردستان وە پاڵنەرێك بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی بەرهەمهێنان و دەرهێنانی غاز لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI).

لەماوەی تەنیا ١٥ مانگ لە دەسپێکی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، ناردنی غاز دەستیپێکرد لەرێگای ئەو بۆریە نوێیانەی کە تازە دروستکرابوون لە کێلگەی خۆرمۆر بۆ وێستگەکانی ووزەی کارەبا لە چەمچەماڵ و هەولێر. وەکو دەرەنجامی ئەو دەساڵەش، پرۆژەکە هەڵستا بە دابینکردنی ووزەی تەواو بەتێچووی گونجاو بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI)، ئەمەش کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی دروست کرد لەسەر ئابووری ناوچەکە و کۆمەڵگە و ژینگەکەی.

لە یادکردنەوەی دەیەمینساڵیادی کاروبارەکانی بەرهەمهێنان لە پرۆژەی غازی کوردستان، کۆمپانیای نەوتی پێرڵ داوای لە کۆمپانیای (PwC) کرد هەڵبستێت بە ئەنجامدانی دیراسەیەکی قوڵ بەشێوەیەکی فراوانتر بۆ هەڵسەنگاندنی سوود و قازانجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پرۆژەکە. کۆمپانیای (PwC) هەڵستا بە دیراسەکردنی کاریگەریی پرۆژەی غازی کوردستان لە یەکەمین دەساڵی کاروبارەکان، هەروەها هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی داهاتوو لەسەر بنەمای پێشبینیکردنی پەرەسەندنی پرۆژەکە بۆ دە ساڵی داهاتوو.

ئەم پوختەیەی خوارەوە بریتیە لە کورتەیەك سەبارەت بەو دەرەنجامە سەرەکیانەی کە کۆمپانیای (PwC) پێی گەشتووە، هەروەها تیشك دەخاتەسەر گرنگترین ئەوو سوود و قازانجانەی کە پرۆژەکە هەیبووە و بەردەوام دەبێت لە دابینکردنی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI).

# سێ بواره سەرەکیەکەی بەشداریکردن

هەڵسەنگاندنی کۆمپانیای (PwC) لەسەر کاریگەری بەشداری پڕۆژەکە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) لە سێ بواری سەرەکی ئەنجامدراوە: بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی لەسەر ئاستی ناوخۆی و ئاستی جیهانی، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ڕوانگەی مێژوویی و دیدگای داهاتوو. دیراسەکە هەڵستاووە بە پێشاندانی کاریگەری بەشداری پڕۆژەکە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٧، هەروەها هەڵسەنگاندنی کاریگەری داهاتووی پڕۆژەکە بۆسەر هەرێم و ناوچەکە. بەرچاوکردنی ئەو وەبەرهێنانە زەبەلاحەی کە ئێمە پلانمان بۆ داناوە بۆمەبەستی پەرەپێدانی کێڵگەکان.

چۆن پڕۆژەی غازی کوردستان بەشداری دەکات لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI):

| بەشداریمان لە ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق | کاریگەریمان لەسەر کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی عێراق | گرنگیدانمان بە ژینگەی هەرێمی کوردستانی عێراق |
|---|---|---|
| بەشداری لە **بەهای گشتی شتومەك و خزمەتگوزاری** (GDP)ی هەرێمی کوردستانی عێراق لەرێگای:<br>• وەبەرهێنانی دارایی / سەرمایەگوزاری کردن.<br>• ئەنجامدانی کاروبارەکان.<br>• دابینکردنی ووزەی کارەبا. | • دروستکردنی هەلی کار.<br>• بەشداریکردن لە داهاتی حکومەت.<br>• کەمکردنەوەی تێچووی سیستەمی ووزە لەرێگەی کەمکردنەوەی دیزیل.<br>• وەبەرهێنان لە دەستپێشخەریە کۆمەڵایەتیەکان. | • ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان بە باشترین شێوە و بە کەمترین بڕی تێچوون.<br>• کەمکردنەوەی گازی زیانبەخش لەرێگەی کەمکردنەوەی دیزیل. |

روانگەیەك لە ڕابردوو

# دە ساڵ لە هاوبەشیکردن، خزمەتکردن و پێشکەوتن

وەبەرهێنانی دارایی یاخوود سەرمایەگوزاری لە ژێرخانی پرۆژەی غاز و کاروبارەکانی ڕۆژانە، یەکێك بووە لە چالاکیە ئابورییە گرینگەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI). لەگەڵ ئەمەشدا، یەکێك لە گرنگترین بەشدارییە ئابوورییەکانی کۆمەڵەی کۆمپانیای پێرل تاکو ئێستا بریتی بووە لەدابینکردنی ووزە بۆ وێستگەکانی تۆڕی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI). ئەو ووزەیەی بە غاز بەرهەمهاتووە، نەك هەر تەنیا بووەتە هۆی پڕکردنەوەی پێداویستی سەرەکی ٥,٩ ملیۆن کەس لە دانشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI)، بەڵکو بووەتەهۆی بەهێزکردنی چالاکی هەموو کەرتە ئابوورییەکان، بە کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانیشەوە.

تاکو ساڵی ٢٠١٧، لە سەدا ٨٠٪ی غازی دابینکراو بەکارهاتووە بۆ بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI). ئەمەش بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی کۆمپانیای (PwC)، بووەتە هۆی بەشداریکردن بە بڕی ١٠,٧ تاکو ١٨,٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆ بەهای گشتی شتومەك و خزمەتگوزاری (GDP) لە هەرێمی کوردستان لەڕێگەی دابینکردنی ووزەی تەواو و بە تێچوونی گونجاو بۆ هەرێم. ئەمەش واتا، ئاستی گەشەسەندنی ئابووری لە دەساڵی ڕابردوودا زۆر نزمتر دەبوو ئەگەر بەرهەمهێنانی غازی پرۆژەکە نەبوایە. لەچوارچێوەی کاروبارەکاندا، پرۆژەکە توانیویەتی٢,٢٠٠ هەلیکاری بەردەوام دابین بکات لەساڵی ٢٠١٧ وە دابینکردنی ٢٠,٠٠٠ هەلیکاری کاتی لەقۆناغی بنیاتنان، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی ئابووری هەبووە بەتایبەت بۆ دانشتوانی ناوچەکە.

بەدابینکردنی غازی سروشتی بۆ بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، بەکارهێنانی دیزیل وەکو بەدیل کەمتربووە کە زیاتر کاربۆن دەردەدات. ئەمەش واتا کەمتر دەردانی گازی دوائۆکسیدی کاربۆن بۆ ناو ژینگە و کەشوهەوا چونکە ڕێژەی ئەو گازە زیانبەخشانەی لە غازی سروشتی دروستدەبن ئێجگار کەمترن لە ڕێژەی ئەو گازە زیانبەخشانە لەبەکارهێنانی بەدیلی وەکو دیزیل دروستدەبن.

# دە ساڵی سەرەتا

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی وەبەرهێنان | | ١,٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی |
| کاریگەری بەهای گشتی شتومەك و خزمەتگوزاری (GDP) | بەشداری لە بەهای گشتی شتومەك و خزمەتگوزاری (GDP) | ١٠,٧ ملیار دۆلاری ئەمریکی – ١٨,٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی |
| کاریگەری هەلی کار | هەلیکاری کاتی لە قۆناغی بنیاتنان<br>هەلیکاری بەردەوام لە قۆناغی کاروبارەکان | ٢٠,٠٠٠ هەلی کار<br>٢,٢٠٠ هەلی کار (٢٠١٧) |
| کەمکردنەوەی بری تێچوو لە بری بەکارهێنانی سوتەمەنی بەدیل | کەمکردنەوەی تێچووی سوتەمەنی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>کەمکردنەوەی دەردانی گازی زیانبەخش | ١٩,٢ ملیار دۆلاری ئەمریکی<br>٢٩ ملیۆن تەن دوائۆکسیدی کاربۆن |
| خۆماڵیکردن | دامەزراندنی هاولاتیانی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان<br>کرینی کەلوپەلی ناوخۆیی | زیاتر لەسەدا ٨٠٪<br>٣٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی |

سەرچاوە: هەڵسەنگاندنی کۆمپانیای (PwC) ـ ٢٠١٨

# داهاتوویێك بۆ وەبەرهێنان و پێشکەوتنی بەردەوام

---

بە تێڕوانین لە دە ساڵی داهاتوو، کۆمپانیای (PwC) هەڵسەنگاندنی کردووە سەبارەت بە کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی پرۆژەی غازی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو ٤,٣ ملیار دۆلارەی کە پلانی بۆداڕێژراوە لەشێوەی خەرجی زیادکراو بۆ پرۆژەکە. سیناریۆکە پێشبینی دەکات بەرهەمهێنان لە کێڵگەی خۆرمۆر ببێتە سێ ئەوەندەی توانای بەرهەمهێنانی ئێستا، بەجۆرێك لە ٤٠٠ ملیۆن پێ سێجا ڕۆژانە بۆ ١,٤٠٠ ملیۆن پێ سێجا ڕۆژانە لە کێڵگەی خۆرمۆر، بەمەش دابینکردنی ٧٥٠ ملیۆن پێ سێجای دیکە لە ڕۆژێکدا بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق (KRI) وە فەراهەمکردنی ٢٥٠ ملیۆن پێ سێجا گاز لە ڕۆژێکدا بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق. هەروەها، ئەم فراوانبوونە بەرهەمهێنانی ٢٨٥ هەزار بەرمیل ڕۆژانە نەوتی خاو لە کێڵگەی خۆرمۆر و کۆندێنسەیتی زیاتر و گازی نەوتی شل (LPG).

هەروەها، کۆمپانیای (PwC) پێشبینی کردووە کە فراوانبوونی کاروبارەکان ببێتەهۆی بەشداریکردن لە وەبەرهێنان لەنێوان ٢٨,٦ ملیار دۆلار بۆ ٤١,٦ ملیار دۆلار بۆ ئابوری هەرێمی کوردستان بەهاتنی ساڵی ٢٠٢٧. هەروەها دەبێتە هۆی دروستکردنی ٧,٥٠٠ هەلی کاری هەمیشەیی. نزیکەی لەسەدا ٩٠٪ ئەم هەلیکارانە بۆ هاوڵاتیانی ناوخۆی هەرێمی کۆردستان دەبێت لە ماوەی پێنج ساڵدا، وە ئەم ڕێژەیەش دەبێتە هۆی گەشەسەندن بە ڕێژەی ١٠٠٪ بۆ ساڵانی داهاتوو.

هەروەها، پرۆژەکە دەبێتە هۆی پاشەکەوت کردنی بڕی ٣٣,٢ ملیار دۆلاری ئەمریکی لە دە ساڵی داهاتوو لەڕێگای شوێنگرتنەوەی غاز لەبری بەکارهێنانی دیزیل کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەردانی گازی زیانبەخش بە ڕێژەی ٧٧ ملیۆن تەن گازی دوائۆکسیدی کاربۆن.

# ده ساڵی داهاتوو

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی وەبەرهێنان | | ٤,٣ ملیار دۆلاری ئەمریکی |
| کاریگەری بەهای گشتی شتومەك و خزمەتگوزاری (GDP) | بەشداری لە بەهای گشتی شتومەك و خزمەتگوزاری (GDP) | ٢٨,٦ ملیار دۆلاری ئەمریکی – ٤١,٦ ملیار دۆلاری ئەمریکی |
| کاریگەری هەلی کار | هەلیکاری کاتی لە قۆناغی بنیاتنان<br>هەلیکاری بەردەوام لە قۆناغی کاروبارەکان | ٤٨,٠٠٠ هەلی کار<br>٧,٥٠٠ هەلی کار (٢٠٢٧) |
| کەمکردنەوەی بڕی تێچوو لە بری بەکارهێنانی سوتەمەنی بەدیل | کەمکردنەوەی تێچووی سوتەمەنی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان<br>کەمکردنەوەی دەردانی گازی زیانبەخش | ٣٣,٢ ملیار دۆلاری ئەمریکی<br>٧٧ ملیۆن تەن دوائۆکسیدی کاربۆن |
| خۆماڵیکردن | دامەزراندنی هاوڵاتیانی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان<br>کڕینی کەلوپەلی ناوخۆیی | لەسەدا ٨٠٪ بۆ ٥ ساڵی داهاتوو<br>دواتر دەبێتە لەسەدا ١٠٠٪<br>١,٢ ملیار دۆلاری ئەمریکی |
| سەرچاوە: هەڵسەنگاندنی کۆمپانیای (PwC) - ٢٠١٨ | | |

ئەم بەلگەنامەیە زانیاری پێشبینیکراو لە خۆدەگرێت کە دەتوانرێت دەست نیشان بکرێت بەهۆی بەکارهێنانی زاراوەی وەکو "لە پلاندایە" و "پێشبینی دەکرێت" و "لەداهاتوودا" و "چاوەڕوان دەکرێت" و "بیرورا وایە" و "مەبەست لەمە" و "پرۆژەکان" و "هەڵسەنگاندن" هەروەها زاراوەی دیکەی هاوشێوە. هەموو ئەو زانیاریانەی کە پێشبینی و پێشنیاز لەخۆدەگرێت سەبارەت بەداهاتوو بۆ نمونە: زانیاری پەیوەست بە ستراتیژی پەرەسەندن و پەرەپێدانی بەرهەمەکان و بارودۆخی بازاڕەکان و خەرجیەکان و دەرەنجامە داراییەکان، هەموو ئەمانە بریتین لە زانیاری پێشبینیکراو، ئەمانەش تەنیا نمونەن و دەکرێت زانیاری دیکەش بگرێتەوە.

زانیاری پێشبینیکراو پشت دەبەستێت بە گریمانە و پێشبینی دیاریکراو بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو. کۆمپانیای پێرل و هاوپشکەکانی و هاوبەشەکانی کە لێرەدا لەم بەلگەنامەیە بە "کۆمپانیاکان" ئاماژەیان پێدەکرێت، دڵنیایی ئەوە نادەن کە ئەم گریمانانە و پێشبینیانە ڕاستو دروستن یاخوود ڕوودەن. بەهیچ شێوەیەك هیچ یەکێك لەو زانیاریانەی لەم بەلگەنامەیە باسکراوە نابێتە بەرپرسیارەتی و پابەندبوون لەسەر کۆمپانیای پێرل یان هاوپشکەکانی، لەمانەش پابەندبوون بەهیچ خەرجییەکی دارایی. لەبەر ئەوە، ڕەنگە دەرەنجامە ڕاستەقینەکان و کاروبارەکان و دەستکەوتەکان زۆر زۆر جیاوازبێت لەو زانیاریانەی کە لەم بەلگەنامەیەدا پێشبینی کراوون. کۆمپانیا بەرپرس نیە لە هەر دەرەنجامێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یان هەر زەرەر و زیانێك کە لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەم زانیاری و زاراوە پێشبینیکراوانەوە سەرهەڵدەدات کە لەم بەلگەنامەیە ئاماژەی پێکراوە. کۆمپانیا بەرپرسیارەتی هەڵناگرێت لەئەگەری گۆڕین و هەموارکردن و پێداچوونەوەی ئەو زانیاریە پێشبینی کراوانە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەسەر بنەمای پێشکەوتنی دواتر یان زانیاری و ڕووداو هەرشتێکی دیکە.

ناوەڕۆك و هەڵسەنگاندنەکانی ئەم بەلگەنامەیە لەلایەن کۆمپانیای (PwC) ئامادەکراووە لەجیاتی کۆمپانیای نەوتی پێرل / سنوردار، بە مەبەست و ڕەزامەندی نێوان هەردوو کۆمپانیای پێرل و کۆمپانیای (PwC) لە بەرواری ٥ تەمموزی ٢٠١٨. لەژێر ڕۆشنایی ئەمە، کۆمپانیای (PwC) بەشداریکردووە بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری. کۆمپانیای (PwC) بەرپرسیارەتی هەڵناگرێت (تەنانەت ئەگەر بەهۆی کەمتەرخەمیش بێت) بەرامبەر بەهەر کەسێکی دیکە سەبارەت بەم بەلگەنامەیە. بەشێوەیەکی سەرەکی، ئەو زانیاریانەی لەم بەلگەنامەدا هاتووە پشتی بەستووە بەو زانیاریانەی کە لەلایەن کۆمپانیای پێرلەوە دابینکراوە، پاڵپشت بە لێکۆڵینەوەی لایەنی سێیەم و چەند بەلگەنامەیەکی دیکە بەگوێرەی پێویست. کۆمپانیای (PwC) هیچ جۆرە وردبینی و لێکۆڵینەوەیەکی نەکردووە بۆ ئەم زانیاریانە. کارگێڕی کۆمپانیای پێرل تاکە بەرپرسە و تەواو بابەندەبێت بۆ پەیرەوکردنی بڕیاری بازرگانی سەربەخۆ یان هەر بڕیارێك و ئەنجامدانی هەر کارێکی پەیوەست بەو خزمەتگوزاری و کاروبارانەی دابینکراوە لەلایەن کۆمپانیای (PwC). خوێنەری ئەم بەلگەنامەیە نابێت ڕەفتار و هەلسوکەوت بکات لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی کە لەم بەلگەنامەیەدا هاتووە بەبێ وەرگرتنی ئامۆژکاری پیشەیی دیاریکراو.

هەرێمی کوردستانی عێراق
نهۆمی ٥، گۆڵان پارك – باڵەخانەی نووسینگە
شەقامی گۆڵان، هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
T +٩٦٤ ٦٦ ٢٥٦ ٦١٧٠
Epic-irbil@crescent.ae
www.pearlpetroleum.com